# کەرکووک کێشەی کوردە یان کێشەی عەگاڵەکەی غازی ئەلیاوەرە؟

ئەحمەد رەجەب

2005/1/15

لە رۆژی رووخاندنی رژێمی چارەرەشی دیکتاتوری خوێنرێژ سەدام حسێن تا ئێستا گەلی کورد باسی کەرکووک دەکات و ، بۆ  ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شارەکەو  ناردنەوەی عەرەبە هاوردەکان و جێ بە جێکردنی مادەی  58 لە یاسای ئیداری کاتی دەوڵەتی عێراق رۆڵەکانی کوردو دۆستانیان بۆ ئەو مەبەستە هەزاران لاپەرەیان نووسیوەو، چەندان رێپێوان و خۆپیشاندانیان لە کوردستان و دەرەوە رێکخستووە.
کەرکووک شارێکی کوردە و لە کوردستان دابراوەو، لێرەدا باسی مێژوو جوگرافیا ناکەم و، هەموو لایەك تەنانەت دوژمنانی کوردو کوردستان کەرکووك و پێناسەکەی دەناسن.

دوژمنان هەر یەك بە جۆرو کردەوەیەکی دێزو چەپەڵ برنگاری خواستی  گەلی کورد و کوردستان بوونەتەوەو، بۆ ئەو مەبەستە گڵاوەش هەموو جۆرە چەکێکی تازەو مۆدیرن و، لە سەرووی هەموویانەوە چەکی کۆمەڵ کوژی کیماویان بە کار هێناوە.
دانیشتوانی کوردستان وهەموو  دونیا دەزانن کێشەی کەرکوك، کێشەی  کوردەو، کێشەی غازی ئەلیاوەرو ئەیاد عەللاوی نییە.
یەکێك لە دوژمنانی کوردو کوردستان رژێمی کۆنەپەرستی تورکیایە. هەمیشە وەك دوژمنانی تر هەوڵ و کۆشش بۆ دەستێوەردانی کاروباری ئەم گەل و وڵاتە دەکات و، جارێك بە بیانووی پووچەڵ و بێ پێز گوایە کورد 400 هەزار کوردی ئێران وتورکیایان هێناوەتە کەرکووك بە مەبەستی تێکدانی ژمارەی دانیشتوانی، یان چەکدارانی کورد هەرەشە لە تورکی دانیشتوی کەرکووك بۆ  ئەوەی شار بەجێبهێڵن دەکەن.
نازانم هۆی چییە بۆ تەنها جارێك لێپرسراوانی  کورد بۆ کارێکی نەتەوەیی گرنگ  پرس بە رۆڵەکانی گەلی کورد ناکەن و، بە ناوی ئەوانەوە بریار دەدەن و زۆر دیکۆمینت و رێکەوتنامە ئیمزا دەکەن و، لە بەر ئەوەی پەلە دەکەن و ناچنە ناخی باس و  دەرئەنجامەکانی، دەبینین بێ سەروبەرە و کرچ وکاڵە و لە باتی سوودو سەرکەوتن شکستی ومەینەتی بۆ کورد دروست دەکەن.
یەکێك لە هەڵە گەورەکانی لێپرسراوانی کورد پشت بەستنەوەیە بە ئەمریکا یان بە بریتانیا.

لە دوو هەفتەی رابوردوودا بە ئامادە بوونی حامد البیاتی وەکیلی وەزارەتی دەرەوەی عێراق نوێنەرانی تورکیاو  باڵوێزی ئەمریکا لە تورکیا ئیریك ئیدلمان لە ئەنقەرە کۆبوونەوەیەکیان گرێداو، هەردوولا واتە تورکیاو ئەمریکا رایانگەیاند :( داکۆکی لە سەر یەکگرتوویی خاکی عێراق دەکەین و، کەرکووك شارێکی عێراقە و، بە هیچ شێوەیەك نادریتەوە بە حکومەتی کوردستان و، بیرورا بۆچوونی هەردوولامان لە سەر زۆر شت یەکدگرنەوە ).
شەقامی کوردی هەڵچووەو جۆش دەخوات وباوەری بە کەس نەماوە، چونکە زۆر جار تووشی بزم و بالۆرەو بەڵێن و پەیمانی ئەم و ئەو بووەتەوەو، هیچی وەدەست نەهێناوەو، بووەتە سووتەمەنی ئاگری  ناحەزان و، هەر هەموو  لە ناخەوە دەترسن کە لێپرسراوانی کورد دەست لە کەرکووك هەڵگرن و، ئەوەش دەبێتە مایەی زەرەروزیانێکی نەتەوەیی گەورە.

با زۆر پشت بە ئەمریکا نەبەستین چونکە هەزار رووی هەیە. بەختیار ئەمین وەزیری  مافی مرۆڤی عێراق . دەڵێت : سەدام تەندروستی باشەو، باشترین جگەرە دەکێشێ و هەروا دەڵێت : لە راستیدا گەر سەدام لە لای ئەمریکییەکان زیندانی نەبوایە، هێندە گرنگی پێ نە دەدرا.
سەدام لە باتی دادگایی کردن خزمەت دەکرێت.

کورد هەقیەتی بترسێت چونکە هەرچی هات و  وتی مافی کورد دەدەین ، پاشان بە تۆپ و تانك و فرۆکە کوردیان خەڵتانی خوێن کرد.
پشت بەستن بە بەڵێنی باڵوێزی ئەمریکا و بریتانیاو  غازی یاوەرو ئەیاد عەللاوی  سەبارەت بە کەرکووك کارێکی سەرکەتوو نییە. باڵوێزی ئەمریکاو بریتانیا سیاسەتی ولاتەکانیان پەیرەو دەکەن و، کێ دەڵێت غازی  و عەللاوی  لە پۆستەکانیان دەمێننەوە ، وا دیارە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن پێش هەڵبژاردنەکە دەزانرێت، یان هەر چۆنێك بێت !!، غازی الیاور وئەیاد عەللاوی وەك سەرەك کۆمارو سەرۆك وەزیران دەمیننەوە، چونکە یەکەمیان زۆر " دیموکراتییە " و مافی هەموو لایەك دەپارێزێت  و!!، دووەمشیان لە بەر ئەوەی بەعسییە پێویستە بمێنینەوە.
کورد تا ئێستا نازانێت کێ مافەکانی دەپارێزێت و،  دەپرسێ و دەڵێ : کێ دەتوانێت گەرەنتی بۆ مسۆگەر کردنی ئەو مافانەم بدات؟.
تا ئێستا کەس لە دامودەزگاکانی حکومەت یان بەشەکانی راگەیاندن باس لە فیدرالییەتی کوردستان ناکات جکە لە هەندی دامودەزگاو راگەیاندنی کوردستان نەبێت.

کوردستان داوای فیدرالییەتی نەتەوەیی و جوگرافی دەکات، بەڵام ناوچەکاتی تری عێراق بە پێی یاسای کاتی عێراق داوای جۆرێکی تر دەکەن ( بە پێی پارێزگاکان ).

دەنگ و باسی وا هەیە ئەگەر شیعەکان هاتنە سەر کار باشتر وایە کە عێراق بە سەر نەتەوە ئیتنییە جیاوازەکاندا بە پێی پلانەکانی سیاسەتمەدارانی ئەمریکا هێنری کێسنجەرو ریچارد بێرڵ بە سەر 4 یان 5 بەش، دابەش بکرێت. کورد دەڵێت ئەگەر عێراق دابەش کرا، ئایا کەرکووک بەر کێ دەکەوێت؟

21 مانگە رژێمی بەعسییان گۆر کراوەو، لەو هەموو تاوانبارانە کە ژمارەیان سەدان هەزارە، ئەمریکاو دەست و پەیوندەکانی نیازی ئەوەیان هەیە تەنها 10 کەسیان دادگایی بکرێن.

لە کۆتاییدا بۆ بیرخستنەوەی لێپرسراوانی کورد یەك ملیۆن و حەوت سەد هەزار دەنگ ، کە لە پرۆسەی ریفراندۆم کۆ کرایەوە چی دەگەیێنێت ؟.